# 8ی مارسی ئەمساڵ، ڕۆژی ناووتنە" بەدەسەڵاتی قەومی وئیسلامی، بەڵی ووتنە بۆ جیایی قەوم و دین لەدەوڵەت"

**عبدالله مەحمود**

ئەمساڵیش ژنانی عیراق وەکو بەشێك لە ئۆردوی ژنانی دنیابەرەو پێشوازی لە 8ی مارس، رۆژی وەستانەوە بەرووی ئاپارتاتدی جنسیدا، خەریکی خۆئامادەکردنن. بەڵام ئەگەر بزوتنەوەی یەکسانی خوازانەی ژنان لە سەراسەری دنیاداولەهەرگۆشەوکەنارێکیدا،لەهەرووڵاتەوژێرسایەی هەر نیزام وسیستەمێکدا، بەپێی تایبەتمەندی ئەو وڵات وسیستەمە، و بەپێ ی گەشەو پێشرەوی بزوتنەوەکەیان، دروشم وداخوازی یەکانی خۆیان دەهێنە مەیدان و بەئاقاری داسەپاندنیاندا بۆی هەڵدەسورێن.

ئەوا بۆ ژنانی عێراق، 8ی مارسی ئەمساڵ تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەعێراقدا تا ئێستا دەوڵەت و حکومەت نیە، تا ئێستا یاساو ریسا نیە، تا ئێستا عیراقی بەکەلاوەکراو لەهەموو رویەکەوە داروخاو وێرانەیە، کۆمەڵگا بەگشتی و ژنان بەتایبەتی لەهەلومەرجێکی دژوارو پر کارەسات و مەرگەساتدا نوقمن، هەموو هەوڵی بەرەی بورژوازی بە ئەمریکا و ئیسلامی سیاسیەوە، بە قەومگەرایانی کوردو عەرەب و تورکمانەوە، بە تایفەو عەشیرەتە زیندوکراوەکانەوە، بە وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەوە، بە ئاخوند و حاجی بازاریەکانەوە، لەهەوڵی ئەوەدان دەوڵەت و حکومەت دروست بکەنەوە، پەیامی دروستکردنەوەی دەوڵەت و حکومەتیش بە فلتەری دەستورسازیدا وەری ئەخەن. ئێستا باسی دەستورە تا لەورێگایەوە دەوڵەت و حکومەتی دڵخوازی خۆیان، کە بێگومان دەوڵەتی دڵخوازی ئەم بەرە کۆنەپەرستە لەگەڵ مافەفەردی ومەدەنیەکان و مافەکانی ژنان بەتایبەتی ناکۆکی ریشەیی هەیە، هەموویان بە پاساوی باوەشێنکردنی کۆنەپەرستی دەیانەوێ دین وەکو تاکە سەرچاوەی دەستور و یاساکان، یان وەکو سەرچاوەیەکی دەستور جی بخەن،و بیکەنە مەبنای پێکهینانەوەی دەوڵەتێکی قەومی ودینی.

ئەمەش بۆ ژنان یانی رەسمیەت دانەوە و داسەپاندنی دەیان و سەدان یاساو ریسای دواکەوتوی ئەخلاقی و کەلتوری و ناموسی کە سەربەخۆیی و ئیرادەی سەربەخۆی ژنان و شەخسیەتی ئەوان وەکو هاوڵاتیەکی خاوەن ماف یەکسان لەکۆمەڵگادا ژێر پێ دەخات و کلور کلور لە ژنان دەخاتەوە بەردەم غەزەبی شەریعەت"قورعان و حدیس" و بەمەش لێدان و سوکایەتی پێکردن، سەنگسارو حجاب، سیغەو فرەژنی، جیاکردنەوەی ژنان وپیاوان....تاد، وەکو حوکمی خودا لەکۆمەڵگادا پێ بەرێوەدەبرێت و کوشتاری ژنان و خەڵکی ئازادیخوازیش لە ژێر پاساوی وەستانەوە بەروی حوکمەکانی خودادا رەسمیەتی پێدەدرێت.

8ی مارسی ئەمساڵ هەربەوهۆیەوە کە هاوکاتە لەگەڵ هەوڵەکانی بەرەی بۆرژوازی عێراقی بۆ دانانی وەها دەستورێك و دامەزراندنەوەی دەوڵەت و حکومەتێك لەسەر بنەمای ئەم دەستورە کۆنەپەرستانەیە، بۆیە راستەوخۆ ئەم 8ی مارسە ئەبێتە سەنتێزی وەستانەوە بەرووی ئەم یاسایەو ئەم هەوڵانەی بەرەی بۆرژوازی کە بۆ پێکهێنانەوەی دەوڵەتیکی کۆنەپەرست خۆیان بۆ ئامادەکردووە.

ئەمە ئەم تایبەتمەندیە سەرەکی یە، کە 8ی مارسی ئەمساڵ بۆ ژنانی عێراقی دەکاتە مەیدانی نمایشی بزوتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنان بەرووی پێکهێنانەوەی دەوڵەت و داسەپاندنی دەستوردا، وەدەبێ بکرێتە مەیدانی نمایشی بزوتنەوەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی کە بەدروشمی" نا بۆ دەسەڵاتی قەومی

**ئیسلامی، بەڵی بۆ جیایی دین و قەوم لەدەوڵەت، بەڵی بۆ یەکسانی هەمە لایەنەی ژنان لەگەڵ پیاوان" بێتە مەیدان.**

**ژنان و بزوتنەوەی یەکسانی خوازانەی ژنان، لەو خەبات و بەرامبەرکییەیاندا لەگەڵ بەرەی بۆرژوازی بەتەنها نین، بزوتنەوەی پێشکەوتنخوازانەی دنیاو لەنێویشیاندا بزوتنەوە رادیکالەکانی ژنان و دنیای متەمەدین، ئوردوی پشتیوانی لە خەباتی ژنان و بزوتنەوە بەرابەری خوازەکەی دەبن.**